گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (١٠) – ژمارە (١) بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# وێنـەی شیعریی لە شیعرەکانی (کەریم دەشتی)دا

**د. کامـران ابابکـر خـضر خـۆشـــــناو**
بەشی زمانی کوردی،کۆلێژی پەروەردەی شەقڵاوە، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان. عێراق
Kamaran.khudhur@su.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٤/١/٤
پەسەندکردن:٢٠٢٤/١/٣١
بڵاوکردنەوە:بەهار٢٠٢٥

**وشە سەرەکییەکان:**

*Image, Poetic image, General image, Moving image, Sensory images, Intellectual image.*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.10.1.9

## پوختە

(وێنەی شیعری)ی ئەو ڕەگەزە هونەرییە بنەڕەتییەیە لە هەناوی هەموو شیعرێکدا بوونی هەیە و زادەی گشت قۆناغێکە، بۆیە گەر بەدیقەتەوە هەر دەقێکی شیعریی بخوێنینەوە، هەست بە چەندین وێنەیی شیعریی جۆراوجۆر دەکەین، ئەمەش ڕاستەوخۆ گوزارشتن لە هزر و دیدگە و جیهانبینیی شاعیر بۆ ژیان و دەورووبەر، دەربڕینی هەست و سۆزە بەرانبەر خود و خودا و دیاردەکان، ڕەنگدانەوەی خەون و خەیاڵ و خولیاو و خۆزگەکانییەتی، بۆیە وێنەی شیعریی گێڕانەوە و پیشاندان و وێناکردنی ئەزموونی ژیانە، زیندووترین و چالاکترین ڕەگەزی شیعرە، بۆیە پێویستییەکی شیعرییەتی هەر دەقێکی شیعرییە، شیعرەکانی (کەریم دەشی)یش تەژین لە وێنەی شیعریی، بەهۆی وێنە شیعرییەکانی لەلایەك توانیوویەتی سەرنجی خوێنەر کەمەندکێش بکات و چێژی پێبدەدات، لەلایەکی دیکەدا خوێنەر تووشی بیرکردنەوە و ڕامان دەکات، بەجۆرێك خوێنەر دەبێتە چەقی ڕاقەیی وێنەیی و چەندین وێنەی لە هزر و هەستییدا گەڵاڵە دەبن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (١٠) – ژمارە (١) بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### ./ پێشەكی:

### ١/٠: ناونیشانی توێژینەوەکە:

ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە؛ (وێنەی شیعریی لە شیعرەکانی کەریم دەشتی)دا.

### ٢/٠: سنووری توێژینەوەکە:

بەگشتی توێژینەوەکە تایبەتە بە ڕەگەزێکی شیعریی، کە (وێنەی شیعری)یە، وردتریش تایبەتە بە شیعرەکانی (کەریم دەشتی).

### ٣/٠: هۆی هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە:

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە لە لایەك دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕەگەزە سەرەکی و چالاکەی، کە بە پێویستی شیعرییەتی هەر دەقێکی شیعرییە، ئەویش (وێنەی شیعری)یە، لەلایەکی دیکە پیشاندانی دەقەشیعرییەکانی (کەریم دەشتی)یە بەپێی جۆرەکانی وێنەی شیعریی.

### ٤/٠: گرنگی توێژینەوەکە:

بایەخی ئەم توێژینەوەیە زیاتر لە لایەنی پراکتیکییدا خۆیدەبینێتەوە، چونکە ئاوڕدانەوەیە لە دەنگێکی شیعری هاوچەرخی کوردیی، کە خاوەن ئەزموونێکی شیعریی زۆر و فەرهەنگێکی دەوڵەمەندی زمانییە و کاریگەری زۆری لەسەر ڕەوتی شیعری کوردیی و نەوەی دوای خۆی هەیە، بۆیە بە بەراورد بەو هەموو خزمەتە ئەدەبییەی کردوویەتی، کەمتر ئاوڕ لە دەقەکانی دراوەتەوە، بە ڕادەیەك لە توێژینەوەئەدەبییەکاندا فەرامۆشکراوە، بۆیە ئاوڕدانەوە لە دەقە شیعرییەکانی شاعیر و پیشاندانی توانا و بەهرەی ئەفراندنی وێنەیە لە چنیی شیعردا، و شلۆقەکردنی شیعرەکان بەپێی جۆر و چۆنییەتی پێکهاتەی وێنە شیعرییەکان، خزمەتێکە بە خامەی ئەدەبی شاعیر و ئەزموونە شیعرییەکەی.

### ٥/٠: میتۆدی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا، پشت بە میتۆدی ڕەخنەی شیکاریی و هونەریی بەستراوە.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### ٦/٠: گرفتی توێژینەوەکە:

گرفتی توێژینەوەکە سەرەتا سەرنجێك بوو، لەسەر (کەمی توێژینەوە) لە دەقەکانی شاعیر، بۆیە لە لامان بووبوویە پرسیارێك: کە ئایا خەمساردی توێژەرانی ئەم بوارەیە تاکو ئێستا ئاوڕیان لە دەقەکانی ئەم شاعیرە نەداوەتەوە؟ یان خودی دەقەکان لە ڕووی تایبەتمەندی شیعریی و شیعرییەتدا لاوازن؟ بۆیە فەرامۆشکـراوە!

### ٧/١: پێکهاتەی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوە لە پوختەی توێژینەوەکە بە (زمانی کوردی)ی و پێشەکی و دووبەش و ئەنجام و سەرچاوەکان پێکهاتووە، سەرەتا پوختەی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو، دواتر لەپێشەکییدا ناونیشان، هۆی هەڵبژادن، میتۆد، سنوور و توێژینەوەکە باسکراوە، دواتر پێکهاتەی توێژینەوەکە، کە لە دوو بەش پێکدێت، بەم شێوەیە خراوەتەڕوو؛ (بەشی یەکەم) لەژێر ناونیشانی (وێنەی شیعری)یدایە و چەند ناونیشانێکی لەخۆگرتووە، لەوانە: باس لە زاراوەی وێنە، وێنەی شیعریی، چەمك و پێناسەی وێنەی شیعریی و وێنەی شیعریی لە شیعریی کوردییدا باسکراوە، (بەشی دووەم)یش بە ناونیشانی (وێنەی شیعریی لە شیعرەکانی کەریم دەشتی)دایە، لێرەدا لە جۆرەکانی وێنەی شیعریی بەپێی پێکهاتەی دروستبوونیان لە شیعرەکانی شاعیردا، شلۆقە و دیاریدەکات، دواتر (ئەنجام)ی توێژینەوەکە بە چەندخاڵێك خراوەتەڕوو، کە خۆی لە وەڵامی پرسیاری (کێشەی توێژینەوە)کە دەبینێتەوە، دواتر وەك دەستپاکی و سپاردەی زانستی توێژەرانی تر؛ ئەو سەرچاوانەی سوودیان لێوەرگیراوە لە (لیستی سەرچاوەکان)دا خراونەتەڕوو، لە کۆتایشدا پوختەی توێژینەوەکە بە زمانەکانی (ئینگلیزی، عەرەبی) خراوەتەڕوو.

## ١/ وێنەی شیعریی:

### ١/١: زاراوە و چەمکی وێنە و وێنەی شیعر:

وێنە ڕەگەزێکی دیار و سەرەکی بنیاتی هەردەقێکی شیعرییە، چێژ و ستاتیکای شیعریش بەهۆی ئەو وێنە زمانییانەوەیە، کە شاعیر بە وشە دەیکێشێت، وێنەی شیعریش وەك هەر زاراوەیەکی تری ئەدەبی سەرەتای سەرهەڵدانێکی کۆن و بەکارهێنانی نوێی هەیە، یەکێکە لە باوترین باسە ڕەخنەییەکان لە

ڕەخنەی ئەدەبییدا، لەم دیدگەوە زاراوەی (وێنە) بنەڕەتێکی ئەوروپی هەیە و (لە ڕەخنەی ئەوروپییدا (image)ی پێدەوترێت، کە لە بنەڕەتدا وشەیەکی ئینگلیزییە، ئەم وشەیەش لە زمانی ئینگلیزییدا ئاماژە بۆ ئەو ڕەگە هاوبەشەدەکات، کە لەگەڵ وشەی (خەیاڵی/ ئەندێشە)دا (imagination) هەیەتی و بۆتە هۆی هاوبەشیکردنییان لە یەك بواری ڕۆشنبیرییدا) (شێخ بزێنی، 2011: 149)، ئەو پەیوەندییە بەهێزەی لە نێوان ئەندێشە و وێنەشدا هەیە خۆی لەوە دەبینێتەوە، کە وێنە لە هەر دەقێکی شیعرییدا سەرەکیترین و بەهێزترین بەرجەستەکاری ئەندێشەیە.

لەم سۆنگەوە بەشێکی زۆری وێنەی شیعرییەکان لە ئەندێشەوە سەرچاوە دەگرن، ئەمەش ڕاستەوخۆ بۆ ئەوەمان دەباتەوە، کە خودی زاراوە ئینگلیزییەکەش (image)ەو سەرچاوەکەی بۆ وشەی (imaginatio) لاتینی دەگەڕێتەوە. (گەردی، 2004: 25-27)، کەواتە ئەندێشە/خەیاڵ ڕەگەزێکی دیاری شیعرە و بەشدارییەکی فراوان لە دروستکردنی وێنەی شیعریی دەکات، ئەم زاراوەیە - (image)، لە ئەدەبی عەرەبییدا بە زاراوەی (صورة) و لە ئەدەبی کوردیشدا بە (وێنە) هاتووە.

لەم دیدگەوە کاتێك ئەم زاراوەیە دەچێتەپاڵ وشەی (Poetry- الشعر- شیعر) زاراوەی (وێنەی شیعریی) دروستدەکات، کە لە بنەڕەتدا زاراوەیەکی ڕۆژئاواییە، بەڵام لە توێژینەوە ئەدەبییەکانی ڕۆژئاواشدا، زاراوەیەکی یەکگرتوو نییە، بەڵکو بەچەند شێوەیەك هاتووە، وەك: لە ڕووسیادا بە (Limage dans IArt) و لە فەڕەنسا بە (Image Litteraire) و لە ئینگلتەڕا بە (Poetry Image) (ئەحمەد، 2022: 6)، زاراوەی (وێنەی شیعریی) لە تەواوی زمانەکاندا بوونی هەیە، هەر زمانێکیش زاراوەیەك یان چەند زاراوەیەکی بۆ دیاریکردووە، بۆیە کاتێك میللەتانی دیکە چەند زاراوەیەکیان بۆ ئەمە هەبێت ئاساییە، چونکە وەك زۆربەی زاراوە ڕەخنەییەکانی تر، ئەم زاراوەیەش لە ڕۆژئاواوە پەڕیوەتەوە ناو گەلانی ڕۆژهەڵات، زۆرجاریش زاراوەکان ڕاستەخۆ وەرگێڕدراون، وەك لە زمانی عەرەبییدا هەریەکە لە زاراوەکانی (صورة الفنیة)، (صورة الادبیة) و (صورة الشیعریة) بەکارهاتوون، لەزمانی کوردییشدا بەهەمان شێوە هەریەکە لە زاراوەکانی (وێنەی هونەری)، (وێنەی ئەدەبی) و (وێنەی شیعریی) بەکاردێن، کە هەموویان خۆیان گرێدەدەنە ئەو وێنە زمانییانەی، کە گوزارشتکار و بەرجەستەکاری ئەو دیمەنە دیار (هەستی) و نادیار (خەیاڵی)یانەن، کە شاعیر بە وشە دەیکێشێت و پیشانیدەدات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (١٠) – ژمارە (١) بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٢/١: پێناسەی وێنەی شیعری:**

بەپێی بیروبۆچوونی زۆربەی توێژەر و شارەزایانی ئەدەبناسی؛ شیعر دێرینترین هونەرە لە هونەرەکانی ئەدەب، کە بەو هەموو بزێوی و ئەدگارە مەعنەویی و نموونەیەیی هەیەتی، توانیوویەتی و دەتوانێت ببێتە پڕچێژترین خۆراکی ڕۆحی بۆ مرۆڤایەتی، کە تێیدا (وێنەی شیعریی)ی ڕۆڵێکی دیار و کاریگەری هەیە و ئەو ڕەگەزە هونەرییەیە بە بنەڕەتی هەر شیعرێك دادەنرێت، کەواتە وێنەی شیعریی ڕەگەزێکی سەرەکییە و زیندووترین وچالاکترین ڕەگەزە، بە هاوبەشی ڕەگەزەکانی تری شیعری بەشداری لە چنینی هەردەقێکی شیعرییدا دەکات، لە هەناوی هەموو شیعرێکدا ئامادەگی هەیە، چونکە شیعر ئەو کەفوکوڵە پەنگخواردوویەیە لە دەروونی هەر شاعیرێکدا هەیە و بە هیچ شتێك بەربەستناکرێت و بەریناگیرێت، یان ئەو جیهانبینیی و تێڕوانیینەیە، شاعیر بۆ دیاردەکانی ژیان و کەون و مرۆڤایەتیی هەیەتی، ئەوە ڕاستەوخۆ لە دووتوێی ئەو وێنە جۆراوجۆرانە خۆی دەبینێتەوە، بۆیە هەر شیعرێك شلۆڤە بکەین، دەبینین لە کۆمەڵێك وێنەی تاك و کۆ و ئاوێتە بنیاتنراوە.

بە واتایەکی دیکە (وێنە ڕەنگدانەوەی بارێکی دەروونی دیاریکراوە، شاعیر دەورووژێنێت بەرانبەر هەڵوێستێکی دیاریکراو لە ژیان)(عیسا، 2009: 21)، باری دەروونی شاعیرش وەك کەسێکی ئاسایی نییە، چونکە ئەو بارودۆخە دەروونییەی شاعیر لەژیانییدا پێیدا تێپەڕدەبێت لە کەسانی ئاسایی جیاوازە، چونکە شاعیر زیاتر هەست و سۆزی بەرانبەر ئەو دیاردە و دیمەن و ڕووداو و شتانە دەوروژێت، کە لەناو واقعی کۆمەڵگەدا هەن و ڕوودەدەن، یان باشتر بڵێین؛ زووتر و وردتر درك بە دیاردەکانی کۆمەڵگە دەکات، ئەمەش هەستکردنە بە بەرپرسیارییەتی بەرانبەر نەتەوە و مرۆڤایەتی، دواجار ئەم بارودۆخانە وایلێدەکەن وێنەیەکی جوان بەرهەمبهێنێت، لەم بارەیەوە (محەمەد غنمی هیلال) دەڵێت: ((وێنە هۆکارێکی هونەرییە بۆ گواستنەوەی ئەزموونەکان)) (شێخ بزێنی، 2011: 149)، کەواتە وێنەی شیعریی گەوهەری شیعرە و ئامرازی گواستنەوەی ئەزمووی تاك و گشتییە، لەبەرئەوەی شاعیر ئەزموونەکانی پێش خۆی و ژیانی خۆی و بە شیعر دەردەبڕێت و بەمەش وێنەی هونەری دەنەخشێنێت، هەر لە ڕێگەی وێنەشەوە دەکرێت بگەینە جیهانبینی و ئەزموونی شاعیر، هەروەها بەلای (درایدن)ەوە ((وێنە خۆی لەخۆیدا شکۆمەندی و ژیانی قەسیدەیە)) (حسێن، 2008: 94)، واتە شکۆمەندی وێنە لەناو دەقدا لەو شوێنەیە، کە وێنەی تێدا دەژی، بەمەش وێنە پێگەیەکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (١٠) – ژمارە (١) بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گرنگی لەناو هەر دەقێکدا هەیە، (رۆبەرت ئەندوز)یش لەمە زیاتر دەدرکێنێت، باوەڕی وایە؛ وێنە نەك هەر کۆڵەگەیەکی شیعرە، بەڵکو کرۆك و گیان و جەستەی شیعرە. (غەمبار،2007: 136)، کەواتە وێنەی شیعریی؛ هونەری شیعرە و واتای سەرەکی لەوەوە دروست دەبێت؛ شاعیر بە یاریدەی هەست و نەستی/خەیاڵی و بەهۆی وشەوە وێنەی بیرۆکەکانی خۆی بکێشێت، ئەو وشانەی لە پێکهێنانی وێنەی شیعریی بەشداریدەکەن، وشەی ئاساییین، بەڵام ئەوکاتەی بەشێوەیەکی هونەری لە لایەنی ڕیزکردنەوە: لە ئاستی ئاسۆیی و ستوونی شوێنگۆڕکێیان پێدەکرێت، پێکهاتەیەکی نائاسایی و ناباو دروستدەکەن و سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشن.

لەم ڕووەوە شاعیر ئەفرێنەری وێنەی شیعرییە و لەڕێگای وێنەی شیعریی گوزارشت لەهەستی خۆی دەکات و حەز و ئارەزووەکانی خۆی وێنا دەکات، بۆیە ئەگەر بەرەو قووڵایی چەمکی وێنەی شیعریی بڕۆین، دەبینین بریتییە (لە بەرجەستەکردنی هەستی سایکۆلۆژی شاعیر بە شێوەیەکی ئەندێشەیی بەرانبەر بە دیمەنێکی جوان، کە لە ڕێگای وشەکانەوە درووستکراوە) (ئەحمەد، 2011: 115)، بەو پێیەی وێنەی شیعریی دەربڕینی دەروونی شاعیرە و شاعیر کاردانەوەی سایکۆلۆژی لە بەرانبەری هەبووە بە وشە دەریدەبڕێت، لەم سۆنگەوە لەبارەی چەمکی وێنەی شیعریی ئاماژەیە بۆ (وێنە-image) ئینگلیزیی، کە هاوبەشە لەگەڵ ڕەگی ئەندێشەدا (imagination) و پەیوەندی بە تینی لەگەڵیدا هەیە، چونکە ئەوە ئەندێشەیە وێنە لە شیعردا بەرجەستەدەکات و کە لەمەودای مەعریفەدا هاوبەشن)) (محەمەد، 2002: 11)، لەم بارەیەوە دەبینین وێنە و ئەندێشە پەیوەندییێکی بەهێزیان پێکەوە هەیە، چونکە هەردووکیان خۆیان لە شیعردا دەبیننەوە، بۆ نموونە شاعیری یۆنانی کۆن (سیمۆندز)سەبارەت بە چەمکی شیعر دەڵێت: (وێنە شیعرێکی بێ دەنگە، شیعریش وێنەیەکی دەنگدارە)(مستەفا، 2007: 67)، واتە شیعر وێنەییێکە بەهۆی زمانەوە کێشراوە و وشەکان گوزارشتن لە دەنگ و ڕەنگی ئەو دیمەن و ڕووداوانەی باسدەکرێن، یان پێشبینیدەکرێن.

کەواتە وێنەی شیعریی ئەو وێنە زەینی و هەستییانە دەگرێتەوە، کە دەرهاوێشتەی هەست و نەست و هزری شاعیرن و بەهۆی زمانە دەچنرێن و ئاراستەی خوێنەر/ وەرگر دەکرێن، بۆ ئەوەی ئەو وێنانەش کاریگەری زیاتر لەسەر خوێنەر دروستبکەن، نابێت ئەوەندە سادە و ساکاربن، بەڵکو دەبێت بەجۆرێك بێت، خوێنەر تووشی بیرکردنەوە و تێڕامان بکەن، تاکو هەژان و ورووژانێك، یا هەستێکی ئەرێنیی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (١٠) – ژمارە (١) بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6558 (Print) - ISSN 2518-6566 (Online)

یان نەرێنیی لەلا دروستبکەن، چونکە هەر بەهۆی وێنەوە شاعیر شیعرییەت بە شیعر دەبەخشێت و شیعریش چێژ و ستاتیکا بە خوێنەر دەدات و وایلێدەکات زیاتر تامەزرۆی خوێندنەوەی دەقەکە بێت و ڕۆبچێتەناو فەزای دەقەکە و لەگەڵیدا بژیت.

### ٣/١: وێنەی شیعریی لە ئەدەبی کوردییدا:

وێنەی شیعریی پانتاییێکی فراوانی لە دەقدا هەیە و پەیوەندییەکی لێکدانەبڕاو و پتەوی لەگەڵ ڕەگەز و بنەما هونەرییەکانی دیکەی شیعردا هەیە، ناشبێت جیابکرێتەوە لە پێکهاتەکانی تری شیعری، بۆیە بە (فریشتەی کۆکەرەرەوەی هەموو تایبەتمەندییە هونەرییەکان هەژماردەکرێت) (ئەحمەد، 2022: 13)، کە بە بەردەوامی لەنوێبونەوەدایە بەپێی بارودۆخی ڕۆژگار؛ ڕۆژانە گۆڕانی بەسەردادێت و (کەرەستە و شوێنی دەربڕینی تیف تیفەکاری ئەوبابەتانەی وێنەیان لێ دروستکراوە لە سەردەمێکی تردا دەگۆڕێت) (تەنیا، 1994: 58)، واتە؛ وێنە لەدایکبوونی قۆناغێکی دیاریکراو نییە، کە (خاسیەتەکانی ئەو سەردەمە ببنە هۆی دەرکەوتنی لەگەڵ کۆتایی هاتنی خاسیەتەکان ئەویش نامینێت، بەڵکو لەگەڵ ژیانی ئادەمیزاد هاوەڵ بووە لەگشت سەردەمەکاندا، پێ بە پێ لەگەڵیدا بەردەوام بووە ، کە شیعر تیایدا پڕبووە زەرد هەڵگەڕاوە وێنەش هەر بەهەمان شێوە گۆڕاوە، بەڵام هەڵنەوەراوە، چونکە وێنە کرۆکی شیعرە و لە هەموو سەردەمەکانیشدا شیعر گەر لاوازبووبێ هەر هەبووە و وێنەش لەگەڵیدا هەبووە..) (گەردی، 2004: 29)، واتە بە گۆڕانی سەردەم و گۆڕانی پێشکەوتنی شیعر، وێنە شانبەشانی سەردەم و قۆناغەکان جۆرو شێوەیەکی تری بۆ زیاد بووە، وێنە لەگەڵ سەردەمێك نەهاتۆتە کایەوە تا ئەو سەردەمە تەواو بووبێت بوونی نەمابێت، بەڵکو لەگەڵ ژیانی مرۆڤ دابووە لە هەر سەردەمێك شیعر هەبووبێت وێنەش بوونی هەبووە، لەلایەکی تریشەوە وێنە پەیوەندییەکی تەواوی لەگەڵ شیعر هەبووە، ئەگەر شیعر هەر گۆڕانێکی بەسەردا هاتبێت، جا گۆڕانەکە بووبێتە هۆی بەهێزی یا لاوازی شیعر، ئەوە وێنەکەش گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە.

بەواتایەکی دیکە ئەگەرچی بەپێی قۆناغەکانی شیعری کوردیی جۆر و شێوازی وێنەکان گۆڕاون، بەڵام وێنەی شیعریی هەموو کات یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکی و چالاکەکانی شیعر، کە لە شیعری کۆن و نوێ و هاوچەرخدا، بایەخێکی زۆری لە بنیاتی شیعردا هەیە، کەواتە وێنەی شیعریی مێژوویەکی دێرینی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (١٠) – ژمارە (١) بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەیە و هەر لە کۆنەوە بوونی هەبووە، وەك (لە شیعری کلاسیکدا خۆی لە ڕوانگەی ڕەوانبێژیدا دیووەتەوە) (بڕوانە: کەریم، 2012: 53)، بوونەکەی دەچێتە خانەی ڕەوانبێژی بەشی ڕوونبێژی و لە لایەنەکانی (لێکچواندن و خوازەر و خواستن)، وێنەکانیش بەهۆی پێگیری شیعری کلاسیکی بە (کێش و سەروا)وە نەبوونی یەکێتی بابەت، جۆری وێنەکان زیاتر لە شێوەی تاك دەردەکەون، چونکە یەکێتییەکی ئۆرگانی و بابەتی لەنێوان دێرە شیعرەکاندا نەبوو، بەڵام وەنەبێت وێنەی شیعریی گرنگی و جوانیی خۆی ونکردبێت، بەڵکو تەنیا جۆر و شێوازەکەی گۆڕاوە، لە شیعری نوێشدا دوای نەمانی (سەروا) وێنە ڕۆڵی لە یەکگرێدانی پارچە شیعرەکانی گرتەخۆ، وێنەکان زیاتر لە شێوەی تاك و گشتی دەرکەوتن و وێنەی سینەماییێکی گەورەیان نمایشکرد، چونکە لەم ڕەوتە شیعرییەدا یەکێتی و بابەتی لە نێوان دێرە شیعرەکاندا هەبوو، هەموویان خزمەتییان بە بابەتێك دەکرد و لە دەوری تەوەرەیەك دەخولانەوە، بەمەش دیمەنێکی گەورەتری بە فەزای وێنەی شیعریی بەخشی، لە شیعری هاوچەرخیشدا بە تایبەت لە (شیعری ئازاد) وێنە ڕۆڵێکی کارا و یەکلاکەرەوەی لە شیعرییەتی دەقەکە پێدرا و بە زۆر شێواز و جۆر خۆی بەرجەستەکرد و سەراپا دەقەکەی گرتۆتەوە، توانی ئەو کەلێنە پڕبکاتەوە کە شیعر لە نەمانی (کێش و سەروا) دوچاری ببوو، (بڕوانە: عیزەدین، 2010: 61- 101) بەجۆرێك هەردەقێکی شیعری هاوچەرخ چەشنی چەندین دیمەن و فیلمی سینەماییە.
لەم ڕوانگەوە وێنەی شیعریی بەردەوام لە نوێبونەوەدایە و بەپێی بارودۆخی ڕۆژگار گۆڕانی بە سەردادێت، بۆ ئەمەش شاعیر بۆ ڕازاندنەوە و نەخشاندنی وێنەی بە پێز و بەرز و ناسك و پێویستی بە بەهرەی ڕۆشنبیری و تاقیکردنەوە و کارکردن و چێژی پەروەردەکراوی تایبەتی و شارەزای و قاڵبوون هەیە، لەبەرئەوە تا ئەزموونی شاعیر قووڵ و فراوانتر بێت، وێنەکان زیاتر بەپێز و پڕمانا و کاریگەردەبن، بۆیە دەبینین؛ شیعری هاوچەرخ زیاتر هەوڵدەدات خۆی لە وێنەدا ببینێتەوە، شیعرییەت بە وێنەی نوێ و فۆرمی تازە دروستبکات (بڕوانە: پیرباڵ، 2005: 88)، بۆیە ئەگەر وێنە لە شیعر بستێنینەوە ئەوە شیعرەکە ئەو تام و چێژەی نامێنێت و لەناودەچێت و دەتوێتەوە، چونکە شیعر وێنەیە، هەر شاعیرێکیش بە کامێرای چاو و خەیاڵ و هەستەکانی خۆی وێنە دەگرێت و دەکێشێت، جا شاعیری وا هەیە زوومی کامێراکەی زۆر حوکم ناکات و سەرپێی وێنەکان دەگرێت، شاعیر هەیە زۆر وردبینە و دەتوانێت بگاتە ئەو دیوی سنوورەکان و خەیاڵ و وێنەی ورد و درشت بگرێت، بۆ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (١٠) – ژمارە (١) بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خوێنەرانی و ببێتە مایەی سەرسووڕمان و چێژی زۆر، چونکە (وێنەی هونەری بریتییە لەو جوانکارییەی، کە بەهۆی هۆشمەندی و زیرەکی و خەیاڵ فراوانی شاعیرەوە دروست دەبێت و شوێنی خۆی لە هزردا دەگرێ) (ئاوارە، 2009، 58) دەبێتە مایەی چێژ و خۆشی بۆ خوێنەرانی، هەرچەندە، وێنە لای (مرۆڤێکی ئاسایی دەبینرێت و هەستی پێ دەکرێت، بەڵام هەژان و کڵپەی کاتیە دادەمرکێتەوە) (ئەحمەد، 1979: 19)، بەپێی ئەمە مروڤ کاتێك دیمەنێك یان ڕووداوێك لە دەوروبەری ژینگەکەی خۆیدا دەبینێت، وێنەی ئەم دیمەنە لەمێشکی کۆپی دەبێت، بەڵام دەقاودەق و بێ بنەمایە، لەوانەیە پاش ماوەیەك کاڵ ببێتەوە، دواتریش هیچ شوێنەوارێکی نەمێنێت. هەروەها ((ئەمرۆ لە جیهاندا هیچ شتێکی ناشیعری نییە، شاعیری بەهرەدار و لێهاتوو دەتوانی وێنەی شیعریی بخولقێنێ، بەمەرجێك بەهرەی شیعری و ئەندێشەی قووڵی تێدابێت) (شارەزا، 1997: 6)، لەلایەکی دیکە هەرشتێك بگرێت بەسەدان و هەزاران وێنەی تێدایە، هەر شاعیرەو شێواز و کامێرای تایبەتی خۆی هەیە بۆ وێنە گرتنی شتەکان، گەر شتێك بە چەندەها جۆر و وێنە گیرابێت، ئەوە شاعیری داهێنەر دەتوانێت بەشێوەیەك گۆشەیەك بۆ خۆی بدۆزێتەوە و وێنەی بگرێت و وێنەی هونەری لێ دروست بکات، بەجۆرێك هیچ شاعیرێك وەها وێنەی نەکێشابێت، بۆیە توانایی شاعیر لە هەر دەقێکدا بەندە بە ڕادەی شیعرییەتی دەقەکە، وێنەی شیعریش یەکێکە لە ئەدگارەکانی شیعرییەتی دەق و ڕەگەزی شیعر، بۆیە هەبوونی وێنەی شیعریی پێویستییەکی شیعرییەتە، بەجۆرێك دەکرێت بگوترێت: ((نابێت شیعر بنووسرێ و وێنەی شیعریی تێدانەبێ و بلێین شیعرێکی سەرکەوتووە....)) (سلێمان، 2011: 53)، بەواتایەکی دیکە سەرکەوتن و دەرکەوتنی شیعرێکی جوان و ناسك پەیوەستە بەهەبوونی وێنەی شیعریی، جا نەخاسمە ئەو وێنەیە، وێنەیەکی بەهێز و بەپێزبێت.

**٢/ وێنەی شیعریی لە شیعرەکانی (کەریم دەشتی)*دا:**

---

(کەریم دەشتی) یەکێکە لە شاعیرانی هاوچەخی کوردیی، لەسالی (1955) لە شاری (هەولێر) لەدایکبووە، قۆناغەکانی خوێندنی بە سەرکەوتووی بڕیووە، لە ساڵی (1980) کۆلێژی یاسای لە شاری بەغداد تەواوکردووە، لە ناوەڕاستی ساڵی (1978) وەدەستی بەکاری نووسین وبڵاوکردنەوە کردووە، یەکەم دیوانی لە ساڵی (1980) بە ناوی (خاك و هەڵۆ) بڵاوکردۆتەوە و بە یەکێك لە شاعیرە دیارەکانی هەشتاکان و (گروپی پێشڕەوییەکان/ تەلیعییەکان) لە شاری هەولێر دادەنرێت، دەستێکی باڵای لەنوسیینی شیعردا هەیە، تاکو ئێستا چەندین دیوانەشیعری هەن، جگە لە کۆبەرهەمەکانی، (کەریم دەشتی) نەك هەر شاعیرە، توێژەرێکی بەسەلیقە و لێهاتووی (توێژینەوەی ئەدەبی)یشە و چەندین کتێبی لەم بوارە هەن، سەرەڕای باسکردن لە ئەزموونی شیعری خۆی و بەشێك لە یادەوەرییەکانی، لەلایەکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (١٠) – ژمارە (١) بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6558 (Print) - ISSN 2518-6566 (Online)

**٢/ ١: جۆرەکانی وێنەی شیعریی:**

کاتێك باس لە وێنەی شیعریی دەکرێت، ڕاستەوخۆ ڕوومان بەر (جۆرەکانی وێنەی شیعری)ی دەکەوێت، توێژەرانی بواری ئەدەبیش وێنەی شیعرییان بۆ چەندین جۆر پۆلێنکردووە، ئێمەش بەپێی پێویستی توێژینەوەکەمان باس لە چەند جۆرێك دەکەین و نموونەی پێویست دەخەینەڕوو:

**٢/ ١.١: وێنەی شیعریی لەڕووی پێکهاتنەوە:**

مەبەست لە پێکهاتنی وێنە پیشاندان و خستنەڕووی ئەو وێنانەیە، کە لە خەیاڵ و هزری شاعیردا هەن و بەشێوەی تاك یان بەشێوەیەکی بەسەریەکەوەیی و گشتی خۆیان نمایشدەکەن، وەك:

**٢/ ١.١.١: وێنەی تاك:**

مەبەست لەوێنەی تاك ئەوەیە، کە تەنیا وێنەیەکی دابڕاو دەخرێتەڕوو، وینەی تاکیش لە شیعردا ئاسانترین پێکهاتەی وێنەگرتنی شیعرییە، لەبەرئەوەی وێنەی بەشێکت پیشاندەدات، ئەمەش لایەنێکی دیاریکراو لە شیعردا دەگرێتەوە، بۆیە (وێنەی تاك لە ڕووی پێکهاتنەوە وێنەیەکی چالاکە، لە ڕێگای شیکردنەوەی وێنە تاکەکانەوە مەبەستی وێنە ئاڵۆزەکان ڕوون دەبنەوە) (مەحموود، 2006: 114)، کەواتە وێنەی تاك لەگەڵ ئەو بچووکییەی خۆیدا وێنەیەکە بەها و کاریگەری زۆری لە پێکهاتەی بنیاتی شیعردا هەیە، وەك ئەندامێکی لەشە بەشداری لەپێکهاتنی جەستەدا دەکات.

وەك (کەریم دەشتی) شاعیر لە شیعری (سروتی دڵان)دا، دەڵێت:

ئاسمانێك لە هەور
کەنارێك لە گیا
شاباڵێ لە فڕین ..

---

دیکە شاعیر و توێژەر بەهۆی زانینیی زمانەکانی (فارسی، عەرەبی) بە باشی و ئەو فەرهەنگە زمانییە دەوڵەمەندەی هەیەتی، دەلاقەیەکی تریشی لە کتێبخانەی کوردیی و ئەدەبی کوردیی پڕکردۆتەوە، ئەویش ئاشناکردنی خوێنەری کوردە بە ڕۆمان و چیرۆکە بەناوبانگەکانی جیهان، بەهۆی وەرگێڕانی لە زمانەکانی (فارسی، عەرەبی) بۆ (زمانی کوردی)ی، ناوبراو لەم لایەنەشەوە وەرگێڕێکی بەتوانا و لێهاتووە، ئەمە جگە لەوەی چەندین دیوانەشیعری وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی ((فارسی، عەرەبی، ئینگلیزی)، شاعیر و وەرگێڕ و توێژەر، تاکو ئێستا بەردەوامە لە نووسین و وەرگێڕان و خزمەتی ڕەوتی ئەدەبی و خامەی لە بڕشت نەکەوتووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (١٠) – ژمارە (١) بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەندێ خەم و هەندێ بریا. (دەشتی، 2009: 44)

ئەم دەقە لە چەند وێنەیەکی تاك پێکهاتووە، وێنەکانیش بەجۆرێك وێناکراون، کە لە بارێکی جێگیرن، وەك ئەوە وایە لە چرکەیەکدا گیرابن/کێشرابن: وەك (کەنارێك لە گیا)، دیمەنی کەناراوێکی پڕ لە گیا لە هزماندا خۆی وێنا دەکات، یان (شاباڵێ لە فرین)، وێنەی ئەو (باز و هەڵو)یانەمان پیشاندەدات، کە لەئاسماندا لە چرکەیەك چاومان پێدەکەون یان لە چرکەیك گیراون، ئەو دیمەنانەی تریش بە هەمان شێوەن، لێرەدا وێنەکان تاکن و پەیوەندییەکی واشییان بەیەکەوە نییە.

هەروەها لە شیعری (مەرگی بخوور)دا دەڵێت:

کچێك لە دوورترین شوێنی دوونیا
لە سێبەری تاوێرە بەردێ نووست. (دەشتی، 2012: ب.1: 364)

شاعیر وێنەیەکی شیعری بە وشەکانی دروستکردووە و پیشانداوە، کە تیاییدا باس لە گرتەیەك دەکات، کە (کچێکی ماندوو و شەکەت، لە شوێنێکی چۆڵ و دوور، لە ژێر سێبەری تاوێرە بەردێك خەوی لێکەوتووە)، ئەمەش وێنەیەکی تاکە و بەئاسانی پەی پێدەبرێت.

هەروەها لە شیعری (کێوی سپی)دا، بەهەمان شێوە چەند گرتەیەکی وێنەییمان پیشاندەدات، وەك دەڵێت:

بۆڕاقێك لە زیو لە تەمی چیا
بۆڕاقێك لە پونگ
لەبۆنی پێکی باخۆس و لە تەونی گیا. (دەشتی، 2012: ب.1: 105)

شاعیر لێرەدا وێنەی دوو بوراقی جیاوازی کێشاوە و پیشانیداوە، وەك (بۆڕاقێك لە زیو لە تەمی چیا) و (بۆڕاقێك لە پونگ لەبۆنی پێکی باخۆس و لە تەونی گیا)، وەك دەبینیین چەندین سیفەتی داوەتەپاڵ هەریەکێکیان و وێنەی تاك تاکی بەهۆیەوە کێشاون.

**٢/ ٢.١.١: وێنەی لێکدراو:**

هەموو وێنەیەکی شیعری لە وێنەیەك یان چەند وێنەیەکی تاك پێکدێت، وێنە تاکەکان دەبنە بنەڕەتی وێنە لێکدراوەکان، چونکە کاتێك (دوو وێنەی تاك یان کۆمەڵە وێنەیەك بەسەر یەکەوە تێکەڵ دەبن و

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یەکێکی گەورەتر پیشاندەدەن وێنەکان بە شێوەیەکی گشتی وا تێکەڵ بە یەکدی دەبن سایە و سێبەریان بەسەریەکدا دێنەوە چەند دیمەنێکمان پیشاندەدات)(عیسا، 2009: 99-100).

کەواتە وێنەی لێکدراو جۆرێکە لە جۆرەکانی بنیاتی وێنەی شیعریی کە شاعیر تیایدا گوزارشت لە بۆچونێکی ئاڵۆزدەکات، چونکە کاتێك دوو وێنەی تاك یەکدەگرن و وێنەیەکی تازە دروستبکەن، کە وێنەی سێەمە، ئەم وێنەی سێیەمە دیمەنێکی ئاڵۆزتر و فراوانتر دەخاتەڕوو، بە واتایەکی دیکە؛ شاعیر لە کاتی دروستکردنی وێنەیەکی لێکدراودا پێویستی بەچەند وێنەیەکی بچووك بچووك هەیە، تا ئەو دیمەنەی لە هزر و خەیاڵییەتی بیخاتەڕوو، وەك لە شیعری (عەشق)دا دەڵێت:

چوار پەپوولە
بۆ مژینی شیلەی گوڵێ کەوتنە جولە
ئەوەندە دەمیان لە دەمـی ئەو گوڵە نا
پاش ئەوەی هەر پەپوولەیێ
لە باڵ کەوت و دەمی سڕی
گوڵیش بوو بە پەپوولەیێ
لە شەققەی باڵی دا فڕی. (دەشتی، 2012: ب.1: 47)

لێرەدا شاعیر وێنەیەکی سینەمایی جوانی دروستکردووە، ئەویش خۆی لە بەیەکەوەبەستانەوەی چەند دیمەنێك/ یان باشتر بڵێین چەند وێنەیەکی تاك دەبینێـەوە، کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و پەیوەستییان بەیەکەوە هەیە. ئەوانیش (چوار پەپوولە بۆ مژینی شیلەی گوڵێ کەوتنە جولە)، (پەپوولەکان دەمیان لە دەمـی ئەو گوڵ ناوە)، (پەپوولەیەك لە باڵ کەوت و دەمی سڕی)، (گوڵیش بوو بە پەپوولەیێ لە شەققەی باڵی دا فڕی)، بەگشتی ئەم وێنانە چەشنی گرتەیەکی کورتی سینەماییین و لە دەوری تەوەرە و بابەتێك دەخولێنەوە، دیمەنە بچووکەکان بەیەکەوە خزمەت بە ڕەوتی دیمەنە گشتییەکە دەکەن.

شاعیر لەشیعری (خوا لە ئاسمانە و شەیتان لە زەوی)دا، دەڵێت:

ئاسمان دڵی هێندە نەرمە
جارجار وەکو مناڵ دەگری

بەڵام زەوی هێندە دڵڕەقە

لەمانایی گریە نازانێ. (دەشتی، 2012: ب.1: 125)

وشەکانی (نەرمی و ڕەقی) دوو ئاوەڵناوی چۆنیەتین، کە گوزارشت لە دۆخی تەنێك/ شتێك دەکەن، بە هۆی هەستی بەرکەوتن هەستیان پێدەکرێت و دۆخییان دەزانرێت، بۆیە شاعیر ئەم سیفەتانەی بەهۆی وشەی (دڵ) داوەتەپاڵ (ئاسمان و زەوی) و گوزارشتی پێ لە حاڵەتی ئەم شیعرە بەرهەستی بەرکەوتن کەوتووە کە بەوەی دەڵێت: (ئاسمان دڵی هێندە نەرمە) کە دەبینین نەرم بەهۆی هەستی بەرکەوتن دیاری دەکرێت دوبارە بەوەی شاعیر دەلێت (زەوی هێندە دڵ ڕەقە) بەهەمان شێوەش بەهۆی هەستی بەرکەوتن دیاری دەکرێت.

شاعیر لە شیعری (یۆتۆپیای سلێمانی)دا دەڵێت:

ویستم بچم بۆ دەرگەزێن

سەرێ لە دەرگای زین بدەم

نە زین ئەو زینەی جاران بوو

نە مەم لە ڕەنگی باران بوو

ئاشقانیش مات و مەلوول

لەژێر زناری ئەوینی، بەفیرۆچوویان وەستابوون. (دەشتی، 2012: ب.3: 156)

**٢/ ٣.١.١: وێنەی گشتی:**

وێنەی گشتی ئەو وێنەیە لە یەکگرتن و بەسەریەکەوەهاتنی چەند وێنەیەکی تاك و لێکدراو خۆیدەبینێتەوە، بەمەبەستی گەیاندنی پەیامێك یان خستنەڕووی دیاردە و حاڵەتێك بەکاردێت، بەواتایەکی دی؛ (وێنەی گشتی لە کۆمەڵە وێنەیەکی تاك پێکدێت، کە لە دەوری تەوەرێکی شیعری و بیرییدا دەسورێتەوە)( گەردی 2004: 154)، وێنەی گشتی کاتێك بەرچاوی خوێنەر یان گوێی خوێنەر دەکەوێت، دەبێت چەند وێنەیەکی جیاجیای لا دروست بکات، کە هیچ پەیوەندییەك لە نێوان ئەم وێنانەدا نییە، ببێتە هۆی بەستنەوەی وێنە تاکەکانی نێو شیعرەکە، بۆیە لابردنی وێنەکی تاك و دەرهێنانی هەر دیمەنێك کارناکاتە سەر شیرازەی وێنە گشتییەکە و تێکینادات، کەواتە ئەگەرچی وێنەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (١٠) – ژمارە (١) بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گشتی لە وێنەی تاك و لێكدراو پێكدێت، بەڵام وەنەبێت سەرئەنجامی كۆی وێنە تاك و لێكدراوەكە بێت، بە ڵكو وێنەیەكی نویٚ و تازەیە و ئەدگاری تایبەتی خۆی هەیە، وەك لە شیعری (خوا لە ئاسمانەو شەیتان لە زەوی)دا دەڵێت:

ئاسمان كتێب زۆربایە
زەوی سەمای لیٚ فێربووە
ڕێبوارەكان بۆ شیری ئاسمان دەچن
ژیانیش خۆی و جانتای پڕ ئاڵۆزیی
ئەوانی لە دامێنێكی تژی زەوی گیركردووە
زەوی پەڕە كاغەزێكی سپییە
ئاسمان خۆی تیا دەنووسێتەوە
ئاسمان شمشێری دیمۆكلیسە
بەسەرگەردنی زەوییەوە
زەوی خرخاڵێكی شینە لەپێی ئاسمان
ئاسمان دڵێكی شكاوە
زەویش قۆچێكی شكاو.. (دەشتی، 2012: ب.3: 119-121)

بەشێوەیەكی گشتی ئەم وێنانەی شاعیر پیشانی داون، پێكهاتووە لە چەندین وێنەی تاك و لێكدراو، بەجۆرێك كە دەشێت شوێنگۆڕكێیان پێبكرێت یان لا بدرێن، بەڵام دواجار بەهەموویان وێنەیەكی گشتییان پێكهێناوە.

### ٢/٢: وێنەی شیعریی لە ڕووی جوڵاو و جێگیرییەوە:

لە ڕیگای بەرجەستەكردنی وێنەوە شاعیران وێنەی هونەرییان بە باشترین و گونجاوترین داناوە، كە بوارێكی فراوان بۆ وێنە دەرەخسێنیٚ تاكو بەجوانترین و وردترین شێوە گشت بارودۆخەكانی خۆی تیادا بنوێنیٚ، كە لە هونەرەكانی تردا ئەو بوارەی بۆ نارەخسێت. شاعیر بەهۆی دەربڕینی وشەوە دەتوانێت گشت جۆرەكانی وێنە بكێشێت، یەكێك لەو جۆرانە وێنەی جوڵاو و جێگیرە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (١٠) – ژمارە (١) بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**١.٢/٢: وێنەی جێگیر :**

ئەو وێنەیەیە کە لە پیشاندندا شێوەیەکی چەسپاو و جێگیری وەرگرتووە، ئەمەش کاتێك دروستدەبێت، کە شاعیر لە وەسفکردنی شتێك، دیاردەیەك لە چرکەیەکی دیاریکراودا دەخاتەڕوو و گرنگی بەخاسیەتە هەستییەکان دەدات بەبێ ئەوەی گۆڕان و پێشکەوتنی ئەو لەماوەیەکی درێژخایەندا شتە یان ئەو دیاردەیە **پیشانبدات**، لەبەرئەوە دەتوانین وێنەی جێگیر/چەسپاو بە تابلۆیەك یان ئەو وێنە فۆتۆگرافییە بچووێنین، کە لە چرکەیەکدا گیراوە و کێشراوە و دۆخێکی وەستاوی هەیە، وێنەکە توانای کرداری تێدانییە تا جوولەی تێدا بخات، بەڵکو لە ئاستێکدا وەستاوە و (تەنیا یەك دیمەن دەردەبڕێت گەشە و گۆڕانی بەردەوامی تێدانییە لە ئاستێك کۆتایی بە شتەکە یان کردەکە هاتووە- بەمەش شاعیر وێنەی- دوا وێستگەی کردەکە-دەگرێت و- پیشاندەدات)(مستەفا، 2007: 106) و دەردەخات، هەروەك شاعیر لە بەشێکی شیعری (مانەوە لە گۆشەگیری)دا دەڵێت:

من ئێستاکە کتێبێکم چاوەڕێتم،

لەسەد ساڵان تاقە جارێ بمکەیتەوە. (دەشتی، 2012: ب.3: 230)

لێرەدا شاعیر وێنەیەکی وەستاوی دروستکردووە، خۆی بە (کتێب)ی سەر ڕەفەی کتێبخانە چواندووە و لە بارێکی وەستاودایە، بەوەی کاتێك لە چاوەڕوانی خوێنەردایە، هەڵدەگیرێت و جووڵەی پێدەکرێت، بۆیە شاعیریش خۆی بە کتێبێکی لەبیرکراو و بێناز دەچووێنێت، چاوەڕێی دولبەرەکەی دەکات تاکو بوخچەی هەستەکانی بکاتەوە و لاپەڕە پڕ دەردەسەری و خەمەکانی دووریی و بێ تۆی/ئەو بخوێنێتەوە.

هەروەها شاعیر لە شیعری (خۆڵەمێش)یشدا دەڵێت:

ئاگری لە هەور و بەفری سوور بەردەدا

چیای پڕ لە کەندولەند دەکرد. (دەشتی، 2004: 237-238)

شاعیر لەم دووڕستە شیعرەدا بە بەکارهێنانی وشەکانی (چیا، کەندولەند)ی لە شیعرەکەدا وێنەیەکی وەستاوی دروستکردووە، چونکە هەر لە بنەڕەتیشدا ئەم دوو شوێنە (چیا، کەندولەند) شوێنی جێگیر و نەگۆڕن و لە باری وەستاوییدان.

هەروەها لە رستەیەکی شیعری لە شیعری (تۆ بۆ ئەبەد تۆ)دا دەڵێت:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (١٠) – ژمارە (١) بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەمیشە قسەی دایکمم لەبیربوو، کە دەیگوت:
ئەوەندە سەیری ئاوێنە مەکە ڕۆڵە
ئەوین دەتکوژێ. (دەشتی، 2012: ب.3: 113)

لێرەدا شاعیر دەگەڕێتە بۆ ڕابردوو و نۆستالۆژیای ژیانی، کاتێك دایکی ئامۆژگاریکردووە، هەر بەمەش دیمەنێکی وەستاوی خۆی وێناکردووە، کە (وەستان و سەیرکردنی خۆیەتی لەبەردەمی ئاوێنە)دا، خوێنەریش لەکاتی خوێندنەوەییدا کاتێك بەسەر ئەم ڕستەشیعرییەدا ڕەتدەبێت، وێنەیەکی چەسپاوی لە هزردا بۆ دروست دەبێت.

### ٢.٢/٢: وێنەی جوڵاو:

ئەو وێنەیە ئاسۆیەکی فراوانتری هەیە و پێچەوانەی (وێنەی جێگیر)ە، دیمەنەکان بەردەوام و لە بارێکەوە بۆ بارێکی دیکە دەگۆڕێن و لە جوڵەدان، جووڵەش (بریتییە لە کارلێکردن و وەڵام دانەوە لەنێوان شت و دژەکەیدا، بەبێ دژ هیچ جوڵەیەك بوونی نییە، دژیش بەرامبەر بە ڕەنگدانەوەی پێچەوانەی شتە یان ئەو فرمانەی کە هەیە بۆیە دژایەتی لەناو وێنەی شیعرییدا شتێکی نەنگ نییە، بەڵکو پێویستە)(جاسم، 1970: 29)، بۆ ئەوەی بتوانی دیاردەگەشەکانی گەردوون دەربېڕیت بە بەردەوامی بە شێوەیەکی دینامیکی تیشك بڵاوبکاتەوە، لەلایەکی دیکە جوڵە پێگە و بایەخی خۆی هەیە، چونکە هەر جووڵەیە؛ کە ژیان و مردن، گیاندار و بێ گیان لە یەکتری جیادەکاتەوە، بۆیە شاعیر زیاتر (پەنا بۆ ئەو جۆرە وشانە دەبات یان ئەو وشانە لە بەیتە شیعرەکەیدا بەکاردەهێنێت، کە ئاماژە بە جووڵە دەکەن)(حەمە، 2001: 111)، چونکە ئەو جۆرە وێنە جوڵاوانە چێژ و ستاتیکای زیاتر بەدەقەکە دەبەخشن و دەقەکە چەشنی فیلمێك، یان شانۆیەکی نمایشکراو بە وەرگر/بینەر/خوێنەر پیشاندەدەن، وەك لە لە شیعری (تابان لە مەحاڵدا) دەڵێت:
لەناو دوکەڵی سەرسامی
کە ئەو هەڵدێ من هەمیشە ئاوا دەبم. (دەشتی، 2012: ب.3: 63)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (١٠) – ژمارە (١) بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەریەك لە دیمەنەکانی (دوکەڵ، هەڵاتن، ئاوابوون) دیمەنی جوڵاون و بەردەوام لە جوڵەدان، لە نزم بۆ بەرزی و لە بەرز بۆ نزم دەچن، شاعیریش بەهۆی بەکارهێنانی ئەم دیمەنە جوڵاوانە لە دەقەکەییدا وێنەیەکی جوڵاوی دروستکردووە.

هەروەها شاعیر لە شیعری (هەمیشە ئاوابوون)یشدا، بەهۆی وردە شەپۆلی ئاو و کزەبا و بارانی بەهاران وێنەکی جوڵاوی دروستکردووە، وەك دەڵێت:

پونگی سەرپشتی ئاوەکان

سەمایان بۆ باران دەکرد. (دەشتی، 2012: ب.3: 206)

وشەی (سەما) لە بنەڕەتدا وشەیەکە گوزارشت لە جوڵەی بەردەوام و جیاواز و سەرنجڕاکێش دەکات، شاعیر ئەم سیفەتەی داوە بە (پونگە)، کاتێك بە هۆکارێکی دەرەکی (شەپۆل، با، باران)، دەلەرێتەوە و چەشنی سەمایەکی جوانی پڕ لە جوڵە پیشاندەدات.

هەروەها لە بەشێکی شیعری (خوا لە ئاسمانە و شەیتان لە زەوی)دا دەڵێت:

ئاسمان ڕووبارێکی شینە

زەوی مەلەی تیا دەکات. (دەشتی، 2012: ب.3: 120)

شاعیر لەم شیعرەدا بەهۆی وشەی (ڕووبار)، کە شوێنێکە ئاوەکەی لەبەری دەڕوات و بەردەوام جوڵە و ڕۆیشتندایە، دیمەنێکی جوڵاوی لە چاوی بینەردا هەیە، وشەی (مەلە/ مەلەکردن) ئەو کارەیە، کە پێویستە کەسی (مەلەوان) جوڵە / ڕۆیشتن و کارامەیی و توانایی بۆیاریکرن/وەرزشکردن و (سەرئاوکەوتن، ژێرئاو کەوتن) هەبێ بە زیندوو مانەوە لەناو ئاودا، واتە هەردوو دیمەنەکە جۆرێك لە بزاوتن و جوڵەیان تێدایە، شاعیر کاتێك (ئاسمان)ی بە (ڕووبار) چواندووە و (زەوی)ی بەکەسکردووە و کاری (مەلە/ مەلەکردنی) پێداوە، بەمەش دوو سیفەتی جوڵاوی بە هەریەکەیان داوەو و وێنەیەکی جوڵاوی خستۆتە پێشچاوی خوێنەر.

هەروەها لە کۆپلەیەکی شیعری (لە نیوەی قەڵەمدا) دەڵێت:

من وەکو با بە هەموو لایەك هەڵدەکەم،

کەچی جارێ ڕێم نەکەوتە دارستانت..

من وەکو ڕووبار

بە هەموو لایەکدا ڕەت دەبم
بەڵام هەرگیز ناگەمە کەناری تۆ.. (دەشتی، 2012: ب.3: 163)

شاعیر وێنەیەکی جوڵاوی بۆ ئەو پەرۆشییەی کەهەیەتی بۆ گەیشتن بە یارەکەی کێشاوە، ئەویش بەهۆی بە چواندنی (خۆی) بە (با) دەرهاوێشەکانی و چوونی بۆ هەموو کونج و کەلەبەرێك و دیمەنی ڕۆشتنی (ئاوی ڕووبار) و بەردەوامی لە جوڵە، کەچی لە هیچیاندا بەرکەوتەی یارەکەی نەبووە و بێ ئەنجام بووە، بەمەش وێنەیەکی جزززوڵاوی پیشانی خوێنەر داوە.

## ٣/٢: وێنەی شیعریی بەپێی هەستی و ژیریی:

### ١.٣/٢: وێنەی هەستی:

ئەم کەونە پڕە لە دیاردە و دیمەن و ڕووداو و شتی جۆراوجۆر، کە بەشێوەیەك لە شێوەکان لە هەستیان پێدەکرێت، بۆیە ئەم جۆرەی وێنە هەموو ئەو وێنانە دەگرێتەوە، کە بەر یەکێك یان زیاتر لە هەستەکانی مرۆڤ دەکەون و درکییان پێدەکرێت، بۆیە شاعیر لە کردەی بەرهەمهێنانی هونەرییدا برێکی زۆر لە شتەکانی دەوروبەری (شتە مەترییاڵییەکان) بەکاردێنێ و وێنەی جۆراوجۆر و هەژێنەریان لێ دروستدەکات، چونکە شتە مەترییاڵییەکان بە یەکێك یان زیاتر لە پێنج هەستەکانی: (بینین و بیستن و بۆنکردن و چەشتن و بەرکەوتن) مرۆڤ دەکەون، بەمەش خوێنەرو وەرگر زووتر وێنەکان وەردەگرێت بە بەراورد بە وێنە زەینی/ ژیرییەکان، وێنە هەستییەکانیش ئەمانەن:

### ١.١.٣/٢: هەستی بینیین:

بینیین یەکێکە هەستەکان و بەراورد بە هەستەکانی دی بایەخی زۆرترینی هەیە، چونکە ((هەستی بینین لە ژیانی مروڤدا زانیارییەکی زۆر دەگەیەنێت بە مێشك، بەبێ ئەوەی بەریەککەوتنی ڕاستەوخۆ لەنێوان مرۆڤ و شتەکان پێویست بکات، تەنها بەڕێی ئەو تیشکە ڕووناکییە دەرچووانەوەیە، کە لە شتومەکەکانەوە دێت بۆ چاو لە چاویشدا دەگۆڕێ بۆ نامەی دەماری بینین و ڕووە توێژاڵی مێشك دەکەونە ڕێ لەو دوا وێستگەشدا ڕەفە دەکرێت و مانایان بۆ دادەندرێت، وە پەیبردن ڕوودەدات)) (مستەفا، 1999: 206)، بۆیە هەستی بینین لە هەموو هەستەکانی دیکە کاریگەری زیاترە و ئاسۆشی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (١٠) – ژمارە (١) بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

فراوانترە، چونکە (زۆربەی شتە مەتریاڵییەکانی گەردوون بە چاو دەبینرێت، بۆیە وێنەی هەستی بینیین بە دایکی هەستەکان دادەنرێت)) (مستەفا، 2009، 156-157) و کاریگەری گەورەی لە سەر مرۆڤ (هەڵچوونەکان: سۆز..) هەیە، بۆیە لە هونەرەکانی وێنەکێشانیش بە پلە یەك دێت، لە وێنەی شیعریش کە بە هۆی وشە و زمانەوە دەکێشرێت بایەخی کەمتری نییە لە وێنەکێشانی تابلۆیەکی بەردەست، کە ڕەنگ و هێڵ و شێوەی تێدا بەکارهاتووە، لێرەدا وێنەکان دەخرێنە بەردەم خوێنەر و بینەر لە شێوەی وێنەیەکی فۆتۆگرافی یان سینەمایی.

(کەریم دەشتی) لەشیعری (خوا لە ئاسمانە و شەیتان لە زەوی)دا، دەڵێت:

ئاسمان گەردەنێکی سپییە

زەوی شمشێرێکی ڕەشە. (دەشتی، 2012: ب.3: 126)

وەك دەزانرێت پەیبردن بە ڕەنگەکان و ناسین و لێکجوداکردنەوەیان ئەرکی هەستی (بینین)ە، شاعیریش بە سوود وەرگرتن لەم تایبەتمەندییە ئاسمانی بەکەسکردووە و ڕەنگی (سپی) و بەخشینی بە سیمای گەردنی داوە، دواتر زەوی بە تەنێکی بچووکتر لەخۆی کردووە و سیمای (ڕەش) پێداوە، هەبوونی ڕەنگی ڕەش و سپیش لە کلتووری کوردییدا گوزارشتن بۆ (پیسی و پاکی)، بەجۆرێك فریشتییەکان لە ئاسمانن و زەوی وەك بووکێکی پاك و گەردەن سپی خۆی پیشاندەدات، کەچی زەوی بەهۆی ئەم هەموو کردارە نابەجێ و خراپەکارییەی کە مرۆڤ لەسەر ڕووی زەوی دەیکات، زەوی بە شمشێرێکی تیژ و پیس و بەخوێنی کۆن سیمای ڕەشی پێداوە، بەمەش ئەو وێنانەی شاعیر دروستیکردوون بەهۆی هەستی بینینەوە نەبێت ناتوانرێت هەستییان پێبکرێت و بناسرێنەوە.

هەروەها شاعیر لە شیعری (نهێنییەکانی ناو کتێبی بەرد)دا وێنەیەکی ساتی باران بارین پیشاندەدات دەڵێت:

باران نم نم دێتە خوارێ

پەڕی گوڵاو دادەباری. (دەشتی، 2012: ب.2: 275)

ڕووداوی باران بارین یەکێکە لە ڕووداوە سروشتییە خواکردەکان، بەجۆرێك بە سەرچاوەی نوێبوونە و ژیانەوەی زەوی دێت، شاعیر بە سوودوەرگرتن لەم دیمەنە، کە بەر هەستی بینیین و چەند هەستێکی دیکە دەکەوێت، توانییویەتی بە وشە ناسك و تەڕەکانی هەمان دیمەنی بارینی بارانمان بۆ بکێشێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (١٠) – ژمارە (١) بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەروەها لە دەستپێکی شیعری (زمانت بگرە ئەی لاڵ)دا دەڵێت:

مەگری بۆ چرا

چرای ناو دەروونت گەش کەوە. (دەشتی، 2012: ب.2: 19)

وەك دەزانرێت (چرا) ئەو ئامێرەیە، لە شێوەی تەنێکدایە، بەمەش بەر هەستەکانی (بینیین، بەرکەوتن) دەکەوێت، بەڵام ئەرکی سەرەکی و ڕۆڵ و هەبوونی بە ئەرکی بینیین پەیوەستە و خزمەتی باشتر بەم هەستەدەکات، وەك پێشتر گوترا، کە لە تاریکییدا مرۆڤ توانای بینیینی کەم یان بڵێین هەر نامێنێت، بەڵام هەبوونی (چرا) دووبارە ئەو ڕێگە بۆ ئەرکی بینیین خۆشدەکات، تا هەر نەبێت تروسکایەك بە شتەکان ببەخشێت و مرۆڤ دەورووبەری خۆی پێببینێت، بەمەش شاعیر باس لە بوونی چرا دەکات، کە دەشێت وەك ئەوەی لە بینینیی دەرەوەدا ڕۆڵی لە بەخشینی ڕووناکی و تیشك و پێدانەوەی خودییەتی شتەکەیە هەیە، داوا دەکات وەك ئەم (چرا)یە ناخ و دەروونتان لە تاریکی و ڕەشی و ڕق و کینە ڕزگاربکەن و خۆشەویستی و پاکی و بەرائەت چەشنی (چرا) لە دەروونتان بگەشێننەوە.

**٢.١.٣/٢: هەستی بیستن:**

ئەویش یەکێکە لە هەستەکانی دیکەی مرۆڤ، کە ئەندامی (گوێ/ گوێچکە) لێی بەرپرسە، بۆیە ئەو وێنانەی، کە بەر هەستی بیستن دەکەون دەبێت لە ڕێگەی دەنگێکەوە بێت، بۆیە لێرەدا شاعیر لە ڕێگەی وشەکانییەوە وێنەیەك دەئەفرێنێت، کە خوێنەر/ گوێگر وا هەستدەکات لەناو ڕووداوەکەدایە، هەرچەندەیش وێنەکان ساتی هەڵچوون و جوڵانەوە دەنگییەکە دەربخات، ئەوەندە بلیمەتی و لێهاتوویی ئەو شاعیرە پیشاندەدات، چونکە (هەر وێنەیەکی شیعری، کە لەسەر بنەمای دەنگ، ئاواز یان مۆسیقا بنیاتنرابێ، ئەوا لە ڕێگەی هەستی بیستنەوە باشتر وەردەگیرێت و زیاتر هەست بە خۆشی و جوانی و وێنەکە دەکرێت) (شارەزا، 1997: 7)، لەم سۆنگەوە جیاوازی وێنەی بیستن لەگەڵ وێنەی بینین لەوەدایە کە (تاریکی) ڕێگرە لە بینیندا، هەرچی وێنەی بیستنە هیچ شتێك ڕێگری لێناکات.(انیس، 1999: 15)، تەنیا مەگەر ئەو کەسە خودی خۆی نابیست بێت.

کەواتە وێنەی بیستن؛ هەموو دەنگە سروشتی و دیاردە سروشتییەکان، وەك: (دەنگی گیانداران و باڵندەکان چریکەی بولبول، هاژەی تاڤگە و خوڕەی ڕووبار، گرمەی هەور و نمەی باران و ...هتد)، و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (١٠) – ژمارە (١) بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەنگە ناسروشتییانە: (دەنگی ئامێرەکانی مۆسیقا، دەنگی بۆمب، تەقەی تفەنگ و زیکەی قیتار...) و هەواڵە خۆش و ناخۆش و گێڕانەوانەی (هەواڵی لەدایکبوونی کۆرپەیەك، هاتنەوەی ئازیزێك، کۆچی ئازیزێك، هەواڵی نسکۆی شۆڕش، سەرکەوتنی شۆڕش) دەگرێتەوە، لەبەردەمیدا بەمەش شاعیر نۆستالۆژیایی خوێنەر و وەرگر دەجوڵێنێت و یان خۆی دەبێتە جۆرێك لە نۆستالۆژیا و کاریگەری لەسەر دروستدەکات و چێژی پێدەبەخشێت.، هەروەك شاعیر لە شیعری (ئاوازی گریان) دەڵێت:

بینیووتە شمشاڵ چۆن دەگری

گریان ئاوازی فیراقە. (دەشتی، 2012: ب.3: 138)

(شمشاڵ) ئەو ئامێرە میوزیکە کوردییە، کە لە کاتی ژەنینییدا دەنگێکی خۆش و پڕ حوزنی هەیە و دەروونی بیسەرانی/ گوێگرانی دەهێنێتە هەژان و خرۆشان، ئەم دەنگەشی گوزارشتە لە هەبوونی خەم و ژانی دووری و دابڕان، چونکە کاتێك قامیشەکە بە مەبەستی (دروستکردنی ئامێری شمشاڵ) لە قامیشەڵان دادەبڕدرێت، ئیتر باری دووری و دابڕان بۆ (ئەو/ قامیش/ شمشاڵ)ەکە دەستپێدەکات، ئەو دەنگەشی بەرجەستەکاری ئەو هەستەیە کە لە تاو و ئازاری دووری و دابڕانییەتی لە قامیشەڵان و هاوڕێیانی، شاعیریش ئەم وێنەیەی کێشاوە و پیشانی ئەو/ خوێنەری دەدات و جۆرێك لە وشیارکردنەوە و هەواڵپێدانێکی ناڕاستەوخۆیە بە ئەو/کەسی نزیك، چونکە مرۆڤ کاتێك لە کەسێك/کەسانێك دادەبڕێت، ئیتر گریانی بەکوڵ دەبێتە بەشێکی سەرەکی ژیانی، چەشنی حاڵەتی وجودییەتی دەنگی شمشاڵ/ کەسی دابڕاو.

هەروەها لە شیعری (ڕابەکانی وەهم) دا دەڵێت:

کە لە غەیبستانەوە وەك هاوارێ بانگی دەکردن

هەندێ جار تێکەڵی لوورەی گورگ دەبوون و گورگ ئاسا ڕایان دەکرد. (دەشتی، 2004: 237)

لەم شیعرەدا شاعیر سوودی لە سیستەمی (دەنگ) وەرگرتووە، کە بەر هەستی (بیستن) دەکەوێت، وەك گرێیەکانی (هاوارێ بانگیدەکردین)/ کە (تایبەتە بە مرۆڤ) و دەنگی (لوورەی گورگ) و کاری (بانگردن) وێنەیەکن بەر (هەستی بیستن) دەکەون.

**٣.١.٣/٢: هەستی بۆنکردن:**

بۆنکردنیش یەکێکە لە هەستەکانی دیکە و ئەندامی (لووت) لێی بەرپرسە، شاعیریش لە ڕێگای ئەم هەستەوە دەچێتەناو دونیای واقع و ئەندێشە و وێنە بە وشە و ڕستە شیعرییەکان دەکێشێت، دەقەکە پڕ لە وێنەی بۆندار دەکات، جا ئەو بۆنانە خۆشبن وەك: (بۆنی گوڵ و خاك و گیا...)، یان ناخۆشبن وەك: (بۆنی باروت و خۆین ...) هتد، بەشێویەکی گشتی ئەم وێنانەش زیاتر لە هونەری (وەسف و لێکچواندن بەدەردەکەون)(عیسا، 2009: 186)، کە تییایدا شاعیر وەسفی دیمەنێك، دیاردەیەك، شتێك دەکات، یان هەمان دیمەن و دیاردە و شتەکە بە دیمەن و دیاردە و شتێکی دیکە دەچووێنێت، شاعیر لە شیعری (تابووتێ لە کتێب) دەڵێت:

باوکم لە بۆنی کتێبان

دەیزانی کەی هەور دێ و باران دەبارێ. (دەشتی، 2012: ب.3: 131)

کتێب ئەو شتەیە ڕێپیشاندەری مرۆڤایەتییە و جڵەوی پێشکەوتنی سەردەم و شارستانییەتەکانە، وێستگەی حەسانەوەی هزر و دەروونە و و خۆراکی رۆحی مرۆڤەکانە، بەجۆرێك کە خوێندنەوەی کتێب تام و بۆییەکی تایبەتی هەیە و هەستێکی یەکجار بەهێز بەمرۆڤ دەبەخشێت، تەنانەت ئەوانەشی هەست بەتامی کتێب ناکەن و توانای خوێندنەوەیان نییە، جۆرێك لە بەرکەوتن و بۆن و بینینیان لەگەڵییدا هەیە، بۆیە بۆنی کتێب یەکێکە لەو بۆنە جادووییانەی کە ئاسوودەیی و خۆشی بە دەروونی مرۆڤ دەبەخشێت، ئەگەرچی لێرەدا دەشێت واژەی (بۆنی کتێب) وەك خوازەیەك هاتبێ، کە مەبەست لە (خوێندنەوەی زۆری کتێبان و شارەزایی پەیداکردن بێت لە تەواوی زانستەکان)، یان ڕەنگە شاعیر مەبەستی ئەو بۆنە بێت، کە لە کاتی سەرما و سۆڵە (کتێب/کاغەز) بەهۆی (ڕتووبەت) دروستیدەکات، بەڵام دواجار هەردووکیان بۆنێکی خۆشییان هەیە، لەلایەکی دیکە خوێندنەوەی کتێب بەشێوەی (پەڕە/ کاغەز) ئەو بۆنێکی تایبەتی هەیە و لە خوێندنەوەی کتێبی ئەلیکترۆنی جیاوازە، تەنانەت بەپێی توێژینەوەکانی دەروونناسی کاریگەری خێرایی لە وەرگرتن و مانەوەی لە یادگەدا زیاترە بە بەراورد بە کتێبە ئەلیکترۆنییەکان، بۆیە شاعیریش لەم ڕستە شیعریەدا ئاماژەی بە (بۆنی کتێب) داوە.

هەروەها لە بەشێکی شیعری (پۆرترێت)یشدا دەڵێت:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (١٠) – ژمارە (١) بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دۆستەکانم بە بۆنی پەلکی لیمۆ و قەنەفر
سەر و قژی خۆیان جوان دەکرد. (دەشتی، 2012: ب.2: 14)

وەك دەزانیین، کە میوەی (لیمۆ) ڕەنگ و بۆن و بەرامێکی تایبەت بەخۆی هەیە، لە بەرانبەریشدا داری (قەنەفر) بۆنێکی دەگمەن و سیحراوی سروشتیی هەیە، بۆیە شاعیر کارزانانە ئەم بۆن و بەرامانەی هەردووکیان (لیمۆ و قەنەفر)ی پێکەوە کۆکردۆتەوە، کردوویەتییە گیراوەیەك؛ بسك و قژی یارەکانی، هەتاوەکو هەم بۆنێکی خۆش و هەمیش ڕەنگێکی جوانی پێببەخشێت، چونکە هەندێك جۆری میوە و پەلکی هەندێك لە دارەکان وەك تێکەڵە لەگەڵ خەنە، یان باشتر بڵێین خودی خەنەکەی لێدروستدەکرێت، دەدرێت لە سەر و قژ و دەستیان، کە ئەمەش ژنانی کورد زیاتر لەکۆندا بەکاریانهێناوە، بەمەش شاعیر وێنەیەکی جوانی دروستکردووە، کە بەرهەستی بۆنکردن دەکەوێت، چونکە وەك گوترا (لیمۆ و قەنەفر) خاوەن بۆنێکی سیحراویین، دڵدارەکەی لەکاتی ژواندا لەگەڵ یار/ دولبەرەکەی، یان بە تێپەڕبوونێکی یار/دولبەر بەتەك (دڵدارەکە)، ڕاستەخۆ (دڵدارەکە) ئەم بۆنەی پێدەگات، ئەمەش وادەکات دڵدار ئەوەندەی دی شێت و شەیدای دولبەر بێت.

هەروەها لە شیعری (دوای سەعات بیست و پێنج)دا دەڵێت:
شەبقەی لینینی پڕ لە گوڵی بادەم دەکرد
سمێڵەکەی هیتلەریشی هەڵدەکرووزاند. (دەشتی، 2004: 240)

هەریەك لە (گوڵی بادەم و کاری هەڵکڕوزاندن)، بۆنێکی تایبەت بەخۆیان هەیە، وەك: (گوڵی بادەم) بۆنێکی خۆشی هەیە بۆ لایەنی باشە بەکاردێت، وەك (کڵاوەکەی لینین بۆتە گوڵدانی ئەم گوڵانە)، لە بەرانبەردا کاری (هەڵکڕووزاندن) بۆ تووك و موو بەکاردێت، لەکاتی ئەنجامدانیشییدا بۆنی ناخۆش و ناجۆر دەردەکات، بەشێوەیەك کەسانی چواردەوری هەراسان دەکات، بۆیە بە سووتاندن/ هەڵکڕوزاندنی (سمێڵی هیتلەر)ی بەستۆتەوە، ئەمەش واتایەکی قووڵتر و خوازەیی هەیە، بەڵام ئەوەندەی هەیە شاعیر بە کێشانی ئەم وێنەیە بایەخی بە هەستی (بۆنکردن) داوە.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٤.١.٣/٢: هەستی تامکردن:**

یەکێکە لە هەستەکانی مرۆڤ و بەر ئەندامی (زمان) دەکەوێت، هەر (زمان)ە ڕۆڵی تاڵی و سوێری و شیرینی و تفتی و... شتەکان لێکجودا دەکاتەوە، بۆیە شاعیریش سوود لەم لایەنە وەردەگرێت و چەندین وێنەی جوان و قەشەنگی تامدار دەخوڵقێنێت، کە تامی (شیرینی و تاڵی و سوێری و ترشی و تامە جۆر بەجۆرەکانی میوە و خواردەمەنی-یەکان دەگرێتەوە) (عیسا، 2009: 187). هەندێکجاریش شاعیر (وێنەی تاڵ و سوێر و شیرینی دیاردەکانی ژیانی پێ دەکێشێت) (گەردی، 2004: 206)

لەم سۆنگەوە زۆرجار وادەبێت شاعیر لە وەسفی سروشتدا لەپاڵ هەستی بینینەوە لە ڕێگای هەستی چەشتنەوە وێنەیەکی ناسك دەخوڵقێنێت، بەمەش زیاتر سەرنجی وەرگر/ خوێنەر ڕادەکێشێت و شیعرییەتی زیاتر بە دەقەکە دەدات، وەك شاعیر لە بەشێکی شیعری (میدۆزا)دا دەڵێت:

لە خەوێکی نەمرا بوو
چاوەکانی بڕیبووە ئەو درەختانەی
تامی بارانیان نەکردبوو. (دەشتی، 2012: ب.1: 53)

لەم دوو ڕستە شیعرەدا شاعیر بایەخی بە (هەستی چەشتن) داوە و درەختی بە (کەس) کردووە، چونکە ئەوە کەسەکانن تاڵی و سوێری و شیرینی و بێتامی (تامی باران) ئەو خواردن و خۆراکە دەکەن و لێکیجودا دەکەنەوە، کە دەیخۆن، بەمەش باس لە درەختێ/ یان باشتر بڵێین ئەو درەختانە دەکات؛ کە هێشتا باران بەسەریاندا دانەباریووە و نەچۆتە ڕەگ و قەد و گەڵاکانییان، هێشتا تامی چەشتنی نمەی بارانییان نەکردووە، کە لە بنەڕەتدا (ئاو/ باران) یەکێکە لە پیداویستییەکانی ژیانی زیندەوەران و درەخیش لەم خۆراکە بێبەری نییە، چونکە (باران - ئاو) هۆکارێکی سەرەکی جوانی و مانەوە و سەوزی و بەرزی درەختەکانن، بۆیە دەشێت شاعیر بەم وێنە چەشتنەی جۆرێك لە ڕەمز بەکارهێنابێت بۆ واتایەکی قوڵتر لە واتا دیارەکەی خۆی.

هەروەها شاعیر لە بەشێکی شیعری (مەیلێکی کوشندە)دا، دەڵێت:

دەزانم هەنگوینی نێو قەدی
ڕەوەزە شاخێکی دژواری. (دەشتی، 2012: ب.3: 235)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (١٠) – ژمارە (١) بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6558 (Print) - ISSN 2518-6566 (Online)

(هەنگوین) ئەو خواردنەیە تامێکی شیرینی یەکجار تایبەتی هەیە، بەپێی سەرچاوە پزیشکییەکانیش دەوایە بۆ زۆر لە دەردەکان، چونکە ئەوە (هەنگ)ە لە شیلەی گوڵان دەمژێت و سوود و تامەکەی بە ئێمەی مرۆڤ دەبەخشێت، شاعیریش بە سوود وەرگرتن لە هەستی چەشتن، بە هونەرەکەی خۆی، (یارەکەی بە هەنگوین) و (کەسانی چواردەورەیشی بە ڕەوەزە شاخ) چواندووە، کە دەستپێگەیشتنی هەنگوینەکە/یارەکە و دەرهێنانی لە شاخ/لای کەللەشاخەکان بە ڕادەیەك دژوارە و ناڕەحەتی و ماندوبوونی دەوێت، بەڵام دواجار تام و لەزەتی شیرینە و دەوایە بۆ زامی دڵ و دەروون.

**٥.١.٣/٢: هەستی بەرکەوتن:**

ئەم هەستەی مرۆڤ بەهۆی بەرکەوتنی ئەندامێك-دەست یان بەشێکی جەستەی بەر تەنێك یان شتێکەوەیە هەستی پێدەکرێت، ئەمیش ئەو وێنانە دەگرێتەوە، کە (نەرمی و ڕەقی و لووسی و زبری و ساردی و گەرمی... دەنوێنن، بە دەست لێدان هەستیان پێدەکەین)) (عیسا، 2009: 188)، لەوەش زیاتر دەتوانیین، (پەی بە جوڵە و شێوەشیان =ببەین-) (کەریم، 2012: 276)ئەمەش بەهۆی لێخشان و بەریەککەوتنەوە دەبێت، بۆیە شاعیر سوود لەم هەستەش وەردەگرێت و هونەرییانە وێنەی ئەو دیمەن و ساتە دەکێشێت، کە لە حاڵەتی وەسفییدان بۆ ئاسوودەیی و نائاسوودەیی بەرکەوتنی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤ و تەن و شتەکانی دیکەدا هەن، وەک شاعیر لە بەشێکی شیعری (نەی) دا دەڵێت:

تۆ وەك بەفری
لەناو لەپم دەتوێیتەوە. (دەشتی، 2012: ب.2: 281)

شاعیر لەم دوو ڕستە شیعریەدا، بە سوود وەرگرتن لە بەشێك لە سیفەتەکانی (بەفر) وەك ساردی و نەرمی و تەڕ/توانەوە، وەسفی هەستی یارەکەی کردووە، دواتر هەر بەهۆی ئەمەوە باس لە سیفەتی (ناولەپ) دەکات- کە خودی هی شاعیرە و گوزارشتە لە بوون و هەستییەتی بەرانبەر بە یارەکەی، ئەویش (گەرمی)ی و بەجۆش و خرۆشبوونە بۆی، بۆیە وێنەی ئەم دیمەنەی بە حاڵەتی بەرکەوتنی ئەم دوو تەنە دژە: (سارد و گەرم) کێشاوە، بە جۆرێك لە هەستە بەشدارەکانی وێنەیەکە هەستی بەرکەوتن بە پلە یەك دێت، بە واتایەکی تر: بەهۆی هەستی دەست لێدان لە (بەفر) هەست بە (ساردی و نەرمی

و تەڕی) دەکرێت، (ناولەپ)ی مرۆڤی زیندووش هەمیشە (لووس و گەرمە)، کۆکردنەوەی ئەو دژانەش واتایەکی ناوەکی و خوازراوی هەیە.

هەروەها شاعیر لە بەشێکی دیکەی شیعری (نەی)دا، دەڵێت:

خودایە من کەدەبمەوە خۆڵەمیش

چیم بەسەر نەمریی دایە. (دەشتی، 2012: ب.2: 278)

شاعیر لەسەر بنەمای هەستی بەرکەوتن و چواندنی ئەو حاڵەتەی (نەمانی مرۆڤ/ خۆی) و سوودوەرگرتن لە وشەی (خۆڵەمێش)، کە سیفەتێکی نەرمی هەیە، وێنەیەکی بە هەستی بەرکەوتنی ئەفراندووە.

لە شیعری (کتێبەکانم)دا دەڵێت:

هەموو نیوەشەوانێك

کتێبێ لە بەزرایی ڕەفەکانەوە....

دەخزێتە ناو باوەشم و

بێباکانە دوگمەکانی دەکاتەوە.. (دەشتی، 2012: ب.3: 115)

لێرە شاعیر باس لە بەرکەوتنی خۆی لەگەڵ (کتێب) دەکات، بەجۆرێك کتێب بۆتە هاوبەشێکی ژیانی و هەمیشە لە گەڵیایەتی، هەتا شەوانیش بە بێ کردنەوەی دوگمەی سینە/کردنەوەی پەڕەکانی و لە ئامێزگرتنی کتێب سەر نانێتە سەر سەرین، بەمەش شاعیر وێنای ئەو دیمەنەی باسکردووە و کێشاوە، کە خۆی و کتێب لە بەرکەوتەی ژوانی خوێندنەوە و ڕامووسانی پڕ موحیبەتدان، بەجۆرێك وایلێهاتووە کتێبەکان بوونەتە بەشێك لە بوونی.

هەر لە هەمان شیعردا بەجۆرێکی دیکە باس لە موحبەتی خۆی بۆ کتێب دەکات و دەڵێت:

هێندە دەستم بە گەردنی کتێبەکانمدا هێناوە..

لێم ببورن ئەگەر بڵێم:

هیچ جیاوازییان لەگەڵ کۆرپەما نەماوە.. (دەشتی، 2012: ب.3: 118)

شاعیر بۆ کتێب خولقاوە و بۆ کتێبیش دەژیت، بۆیە( کتێب)ی بەشێوەیەك لا خۆشەویستە، هەر کتێبێکی سەر ڕەفەی کتێبخانەکەی چەندینجار خوێندۆتەوە، بەجۆرێك کتێب و کۆرپەکانی لە یەکتر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (١٠) – ژمارە (١) بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6558 (Print) - ISSN 2518-6566 (Online)

چواندووە؛ لە حاڵەتی دەستبەسەرداهێنان و خۆشویستندا، ئەمەش وێنەکەی لەپێش چاوی هەموومانە، کاتێك مرۆڤ دەست بەسەری کۆرپەکەی دادەهێنێت و ئەو سۆز و خۆشەویستییە لە ساتی بەریەکەوتن و بەیەکەوەبووندا هەیە بە هیچ جۆرێك وەسف ناکرێن و بەهیچ خۆشەویستییەك بەراورد ناکرێت، تەنانەت پزیشکی دەروونی یەك خولەك لە ئامێزگرتن و دواندنی منداڵانی دەروون ناساغی بەبەراورد بە هەفتەیەکی چارەسەری پزیشکی بەراورد کردووە، کە ئەمەش دەرخەی ئەم حاڵەتەیە شاعیر خۆشەویستیی بۆ کۆرپەکانی چۆنە، چەشنی ئەم خۆشەویستییە بێسنوورەی بۆ کتێبەکانیشی هەیە.

**٢.٣/٢: وێنەی واتایی (ژیری):**

وێنەی ژیری ئەو وێنانە دەگرێتەوە، کە بەر هیچ لە هەستەکانی مرۆڤ ناکەون، بەڵکو وێنەی واتایین، بەمەش لایەنی هەستی تاکە لایەن نییە، کە وێنەی لەسەر بنیات بنرێت، بەڵکو بارێکی دیکە هەیە، کە ناهەستی/ژیریی/واتاییە، بەشدارییەکی کارای لە دۆخی گوزەران و ژیان و بیرکردنەوەی ئێمەدا هەیە، سەرچاوەی یەکەم و کۆتایشی خەیاڵ/ ئەندێشەی تاکە، هەربۆیە بەم جۆرە کارایەش بەشداری لە وێنە وێنەی شیعریی دەکات، بەواتایەکی دیکە ئەم وێنانەی، کە دەکێشرێن وێنەی هزری و ئاوەزیین و بەر هیچ یەکێك لە هەستەکان ناکەون، بەڵکو دەبێت لە ڕوانگەی چەمك و واتا و تێگەیشتەوە لێیان تێبگەین، لە لایەکی ئەم وێنانە بە ئاسانی خۆیان بەدەستەوە نادەن، تاڕادەیەك وشکترن بە بەراورد بە وێنە هەستییەکان، (بڕوانە: ئەحمەد، 2011: 102)، بەمەش وێنەی ژیریی بریتییە لە ((وێنەیەکی زەینی ڕووت.... ، کە تەنیا بەهۆی ژیرییەوە دەتوانیّ پێیان بگەیت)( گەردی، 2004: 209-210) و پەییان پێببەیت، واتە هیچ کات هەستەکانی مرۆڤ توانای وەرگرتنی نییە، بەڵکو وێنەکان واتایین و تەنها بە خەیاڵ و هزر-عەقڵ هەستیان پێدەکرێت، بۆیە ئەگەر وێنەی هەستی پیشاندانی دۆخی ماددی و دەرەوەی شتەکان بێت، ئەوە وێنەی ژیریی پیشاندان و کێشانی وێنەی دیووی ناوەوەی مرۆڤە و هەموو ئەو هەڵچوون و بارە ویژدانییەی دەگرێتەوە بەر ئەو شت و دیاردە دەرەکییانە دەکەوێت. (الحويزي، 2003: 13)، واتە هیچ کات سوود لە هەستەکانی مرۆڤ وەرناگریّ، بەڵکو وێنەکان واتایین و تەنها بە خەیاڵ و هزر هەستیان پێدەکرێت، وە شاعیر لە دەستپێکی شیعری (قسەی عاشقان) وێنەیەکی واتایی دروستکردووە، وەك دەڵێت:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (١٠) – ژمارە (١) بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هێندێ خەم هەن لە سینەمدا

زەمەن پەرش و بڵاوی کردوون. (دەشتی، 2012: ب.2: 53)

ئەم شیعرە لەسەر بنەمای وێنەی واتایی دروستبووە، وشە و واتاییەکە، کە (خەم)ە، بەر هیچ کامە لە پێنج هەستەوەرەکانی مرۆڤ ناکەوێت، بە هەمان شێوە لە شیعری (بورجی بەلەك)یشدا دەڵێت:

ئەو دەستێکی

لەناو هەرمێ هەست بوو

دەستێکیشی لەنێو عەدەم. (دەشتی، 2012: ب.2: 70)

هەست شتێك نییە تەنێکی هەبێت، بۆیە وێنەی (دەستم لەناو هەرمێ هەست) بەرهیچ لە هەستەوەرەکان ناکەوێت تەنها بەهۆی ژیرییەوە دەتوانرێت وێنای بۆ بکێشرێت و لەلای خوێنەر وەربگیرێت.

هەروەها لە شیعری (گرتنی ناخ)یشدا، دەڵێت:

وەك خەمێك لە شەقی فڕینێ

بەباڵی تەمەن جوانەکانی ئەوبەری ئاوەکان

کە هێشتا لە خوێنی پاکیزەی هەرماون. (دەشتی، 2012: ب.2: 141)

شاعیر لەم کۆپڵە شیعرەدا وێنەیەکی لەسەر بنەمای واتایی دروستکردووە، چونکە وشەی (خەم) تەنێك نییە بگیرێت و ببینرێت و بیسترێت، بەڵکو وشەیەکی واتاییە و لە ڕێگای هەندێك ئەدگاری تری دەرەکی هەستی پێدەکرێت، بەمەش (خەم) وشەیەکی واتاییە و بەر هیچ کام لەپێنج هەستەوەرەکانی مرۆڤ ناکەوێت، شاعیر بەم هۆیەوە (خەم)ی بەزیندەور/بەباڵندەکردووە و باڵ و فڕینی پێداوە، بەمەش وێنەیەکی زەینی/واتایی کێشاوە و هەر لەوێش هزری خوێنەری بردۆتەسەری، بەڵام لە واتا خوازەکە گوزارشت لە نەمان و لاچوونی خەم دەکات.

لە کۆپلەیەکی شیعری (من و با)شدا دەڵێت:

جارێکیان بای ئەزەل

نهێنییێکی بچووکی بۆ دڵی من درکان

لەوساوە تا ئێستا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێكی زانستی وەرزی باوەڕپێكراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی (١٠) – ژمارە (١) بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەو دڵەم خول دەخوا لە مەداری بورکان. (دەشتی، 2012: ب.3: 93)
وەك دەزانرێت؛ (با) شتێك نییە ببینرێت و دەستی لێبدرێت و بۆنی بێت و بگیرێت، بەڵکو لە رێگای هێز و کاردانەوەکانی و تەنەجولاو و فڕیوەکانییەوە هەستی پێدەکرێت، لەلایەکی دیکە شاعیر (بای ئەزەل)ی بە کەسکردووە، کە خۆی لە بنەڕەتدا شتێکی واتاییە، بەمەش وێنەیەکی هزری خستۆتە پێچاوی خوێنەر.
لە بەشێك لە شیعری (وردە گەڵا)شدا وێنەیەکی تری زەینی کێشاوە، وەك دەڵێت:
غوربەت بەردێکە لە ئارمووش
بە رۆحی مرۆڤ دادراوە
غوربەت پەنجەرەی ساماڵە
بۆتە ئەڵقەی تەنگ و تریسکی
ئەم کەونە تاڵ و داخراوە. (دەشتی، 2012: ب.1: 110)
لە ڕاستییدا غوربەت شتێك نییە، بەر هەستەکانی مرۆڤ بکەوێت، بەڵکو ئەو حاڵەتە دەروونییەیە، کە لە رێگای دەرهاوێشەکانی ڕووخسار و گفتوگۆکردندا لە کەسی غەریب و غەربەتدا بەدەردەکەوێت، کەچی شاعیر وێنەیەکی هزری بۆ ئەم حاڵەتە ئەفراندووە و بە هەریەك لە (بەردی ئارمووش)ی و (پەنجەرەی ساماڵ) چواندووە و بە جۆرێك بە تەنی کردووە، کە خوێنەر لە هزردانیدانی وێنەی بۆ بکێشێت.

## ٤. ئەنجـــــام:

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیە گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:
٤ /١: (کەریم دەشتی) بە دەقە جیاوازەکانی خۆی سەلماندووە و ڕۆڵێکی باشی لە بەرەوپێشچوونی ڕەوتی شیعری هاوچەرخی کوردیی هەیە، شاعیر لە داهێنان و ئەفراندنی وێنەی شیعرییدا دەستێکی باڵای هەیە و هونەرییانە توانیوویەتی دەقەکان بچنێت، هەر بەم هۆیەشەوە ستاتیکاییێکی بەهێز لە دەقەکانییدا بەدیدەکرێت.

٤ /٢: شاعیر بەهۆی وێنە شیعرییەکانی توانییویەتی سەرنجی خوێنەر کەمەندکێش بکات، لەلایەك چێژی پێدەدات و لەلایەکی دیکەدا تووشی بیرکردنەوە و ڕامانی دەکات، بەجۆرێك خوێنەر دەبێتە چەقی ڕاڤەیی وێنەیی و چەندین وێنەی لە هزر و هەستییدا گەڵاڵە دەبن.

٣/٤: وێنە شیعرییەکانی زیاتر لە جۆری وێنەی (تاك و گشتی و لێکدراو)ن، وێنەکان چەشنی دیمەنێکی جوان و سەرنجراکێشن، بە جۆرێك هەندێکجار لە کاتی خوێندنەوەی دەقەکانییدا هەستدەکەیت تۆ لە گۆشەیەکدا بەرانبەر تابلۆیەك وەستاویت و سەرنجی ڕەنگ و کونج و کەلەبەرەکانی دەکەیت، هەندێکجاریش خۆت لەناو دیمەنێکی زیندوو دەبینیتەوە، هەر خۆت پاڵەوانی بزێو و جوڵەپێکەری ڕووداو، کات، دیمەن، شوێن، یان دۆڕاوێکی دەستی ڕۆژگاری.

٤/٤: بەگشتی هەر دوو جۆری وێنە: (جوڵاو و جێگیر) لە دەقەکانی بەدیدەکرێن، بەڵام بە پلەیەك و زیاتر وێنەکان لە باری جوڵاوییدان، ئەمەش لەلایەك دەرخەری ئەو ڕاستییە؛ کە ناوبراو شاعیرێکی سەربزێوە و لە هێنانی جوانترین وێنەی شیعریی بۆ ناو دەقەکەی ئۆقرەی نییە، لەلایەکی دی بایەخدانیەتی بە هونەری سینەمایی و بەستنەوە و ڕاکێشانی بیر و هەستی خوێنەرە بە دەقەکە.

٥/٤: دەقەکانی تەژین لە وێنەی شیعریی، شاعیر بۆ دروستکردنی وێنە شیعرییەکانیش سوودی لە تەواوی هەستەکان وەرگرتووە، کە بەپێی ئەم ڕیزبەندییە: (بینیین، بۆنکردن، بیستن، چەشتن، بەرکەوتن)، بایەخییان لای شاعیر دەردەکەوێت، سەرەڕای ئەوەش لایەنی هزری لەیاد نەکردووە و بایەخێکی زۆری بە وێنەی ژیریی/ هزری داوە، کە تێیدا مەبەستییەتی خوێنەر زیاتر بیربکاتەوە و چێژی زیاتری لێوەربگرێت.

٦/٤: شاعیر لە ئەفراندنی تەواوی جۆرەکانی وێنەی شیعریی، سوودی زۆری لە دیاردە سروشتی، کەلتووری و مرۆڤایەتییەکان وەرگرتووە.

## ٥: سەرچاوەکان:

### ٥ / ١: کتێبەکان:

#### ٥ / ١.١: کتێب بە زمانی کوردی:

1. ئەحمەد، جیهان عبدالوەهاب (2011)، کامەران بەدرخان و نوێکردنەوەی شیعری کوردی، چ. ١، چاپخانەی (خانێ) دهۆك.
2. پیربال، فەرهاد (2005)، شیعری نوێی کوردی (1898- 1958)، چ. ١، دەزگای کوردستان، هەولێر.
3. حسێن، جەبار ئەحمەد (2008)، ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی لە کوردستانی عێراق- ساڵی 1950-1970، چ. ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
4. سلێمان، شەمێران (2011)، ڕووبەڕوو لەگەڵ لەتیف هەڵمەت، چ. ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
5. شێخ بزێنی، سعد فارووق یوسف (2011)، بنیاتی هونەری لەشیعری ئەحمەد موختار بەگی جافدا، چ. ١، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
6. عیزەدین، سامان (2010)، بنیاتی هونەری لەشیعری لەتیف هەڵمەت دا، چ. ١، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.
7. عیسا، هاوژین سڵێوە (2009)، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا، چ. ١، دەزگاو چاپی پەخشی سەردەم، سلێمانی.
8. غەمبار، کەمال (2007)، ڕەخنەی نوێی کوردی، چ. 1، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری لقی سلێمانی، سلێمانی.
9. کەریم، فەرهاد قادر (2012)، بنیاتی وێنە لەشیعرەکانی حەمدی دا، چ. ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
10. گەردی، سەردار ئەحمەد حەسەن (2004)، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا (1970-1991)، چ. ١، دەزگاو چاپی پەخشی سەردەم، سلێمانی.
11. محەمەد، عەبدولقادر محەمەدئەمین (2000)، وێنەی شیعری لە ڕێبازی ڕۆمانسی کوردیدا، چ. ١، دەزگاو چاپی پەخشی سەردەم (199) سلێمانی.
12. مستەفا، ئاسۆ عومەر (2009)، بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر لای پیرەمێرد و شێخ نووری شێخ ساڵح و گۆران، چ. ١، چاپخانەی خانێ، دهۆك.

**+ دیوانە شیعرییەکان:**

13. دەشتی، کەریم (2004)، پیانۆی ڕۆژهەڵات و ئەوانی دی، چ.١، دەزگاو چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
14. دەشتی، کەریم (2009)، کتێبی نەی، چ.١، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.
15. دەشتی، کەریم (2012)، دیوانی کەریم دەشتی- کۆ شیعر، ب. 1 چ.١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
16. دەشتی، کەریم (2012)، دیوانی کەریم دەشتی- کۆ شیعر، ب. 2، چ.١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
17. دەشتی، کەریم (2012)، دیوانی کەریم دەشتی- کۆ شیعر، ب. 3 چ.١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

**٥ / ٢.١: کتێب بەزمانی عەرەبی:**

1. انیس، إبراهیم (1999)، الاصوات اللغویة، ط. ٤، مکتبة الانجلو المصریة، القاهرة.
2. جاسم، عزیز السید (1970)، دراسات نقدیة في الادب الحدیث، ط. ٢، وزارة الثقافة والاعلام، بغداد.

**٥/ ٢: نامە ئەکادیمییەکان:**

**٥/ ٢.١: نامەی ئەکادیمیی بە زمانی کوردی:**

1. ئەحمەد، مەریوان حەمەکەریم (٢٠٢٢)، بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعری (سالم)دا، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی- سلێمانی.
2. حەمە، هیتلەر ئەحمەد (2001)، وێنەی شیعری لای نالی، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەددین- هەلێر.
3. مەحموود، شنۆ محەمەد (2006)، ڕۆڵی سوارەی ئیلخانی زادە لە نوێگەری شیعری کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی کۆیە- کۆیە.

**٥/ ٢.٢: نامە ئەکادیمیی بە زمانی عەرەبی:**

1. الحویزي، گوڵاڵە کاظم عبدالفتاح (2003)، الصورة الشعریة بین ادونیس و لطیف هلمت، رسالة ماجستیر، کلیة الاداب، جامعة صلاح الدین- اربیل.

**٥ / ٣: گۆڤارەکان:**

1) ئاوارە، موحسین (2009)، لە ژێرساباتی شیعردا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە: 74، هەولێر.
2) ئەحمەد، محەمەد ئەمین (1979)، قۆناغەکانی شیعری هێمن، گۆڤاری ڕۆشنبیری، ژمارە: 75، ئەمینداریەتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان/ بەغداد.
3) تەنیا، ئیسماعیل (1994)، وێنەی شیعری، گۆڤاری کاروان، ژمارە: 11، ئەمینداریەتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر.
4) شارەزا، کەریم (1997)، وێنەی شیعری کوردی لە هەردوو باری وەستاوی و جوڵاوییدا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە: (15)ی ئەیلوول، هەولێر.
5) مستەفا، سابیر بەکر (1999)، تیراژەیەك لە سایکۆلۆژیای ڕەنگەکان، گۆڤاری ڕامان، ژمارە: 33، هەولێر.

---

# Poetic Images of (Karim Dashti´s) Poems

**Dr. Kamaran Aba-Bakr Khudhur Khoshnaw**
Department of Kurdish, College of Education، Shaqlawa, Salaheddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: Kamaran.khudhur@su.edu.krd

***Keywords:*** *Image, Poetic image, General image, Moving image, Sensory images and Intellectual image.*

## Abstract

The poetic image is a basic artistic genre which is present in every poem and is born at every stage. Therefore, if we read any poetic text carefully, we will feel many various poetic images, which directly express: The poet's thoughts and worldview for life. Expressing feelings towards self, God and the phenomena. It is the reflection of dreams, imagination, passions and wishes. Poetic image is narration, depicting, imagining of life experience. It is the most active element of poetry, so it has become a must of any poetic text. Karim Dashi's poems are full of poetic images, because of his poetic images. On one hand, he has been able to attract the reader's attention

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

and enjoyment, and on the other hand he makes the reader think in a way that the reader has become the centre of text analysis.

## الصورة الشعرية في أشعار (كريم دشتي)

**ملخص**

الصورة الشعرية، هو هذه الركيزة الفنية الأساسية الموجودة في كل قصيدة وفي كل المراحل. ولذلك، إذا قرأنا أي نص شعري بعناية، سنشعر بالعديد من الصور الشعرية المختلفة، التي تعبر بشكل مباشر؛ عن أفكار الشاعر ونظرته للحياة والبيئة، تعبير عن مشاعره تجاه نفسه، تجاه الإله والظواهر، انعكاس لأحلامه وخياله وعواطفه وأمنياته. لهذا، الصورة الشعرية هي تصوير لتجارب الحياة وهي اهم العناصر الحيوية في القصيدة، لهذا تعتبر من اهم ما يعطي النص شعريتة. أشعار (كريم دشي)، مليئة بالصور الشعرية، بسبب صوره الشعرية من جانب، استطاع ان يجذب انتباه القارئ ويجعله يحس بالذوق الأدبي، ومن ناحية أخرى يجعل القارئ يركز ويتأمل، بحيث يصبح القاريء مركز التأويل الصوري لأنه يتولد في ذهنه صور ومشاعر كثيرة.